# کارین، لە جەژنی کریسمسدا

ئەمالیا سکرام
و: تابان کەمال



لە یەکێک لە بەندەرەکانی کریستیانادا* ئەوکەشتییانەی بەردیان دەگواستەوە، لە نگەریان تێدا دەگرت، لەوبەندەرە، چەندمەترێک دوور لە دەریاکەوە، ژوورێکی گچکەی لەتەختە دروستکراوی ڕەنگ خۆڵەمێشی هەبوو، درێژی ژوورەکە دوومەتر و نیو دەبوو، پانییەکەشی کەمتر.

ژوورەکە دەرگایەکی لە تەختە دروستکراوی ئەڵقەڕێزبەند، کە لە ئاسن دروستکرابوو لە هەردوو دیوەوە دادەخرا و دووپەنجەرەی زۆرگچکەش بەرانبەریەک لەدیواری لای ڕاست و چەپیدا هەبوون.

لە ناوەوە دووسەکۆی لە تەختە دروستکراو لەقەد دیوارەکە لە ژێر پەنجەرەکاندا، بەدرێژی دیوارەکان دروستکرابوون، ئەم ژوورە، کرێکارە بەردهەڵگرەکان بۆ حەوانەوە لە هاویندا بەکاریان دەهێنا.

چونکی ئێستا نزیکی زستان و جەژنی کریسمس بوو، ئەم ژوورە کەڵکی لێوەرنەدەگیرا، پاسەوانەکانی بەندەرەکەش هێندە گوێیان پێنەدەدا.

شەوێک لە شەوەکانی مانگی دێسەمبەر بوو نزیکی کریسمس، گەرچی بەفرێکی کەم دەباری، بەڵام شەوێکی زۆرسارد بوو، بەفر لە سەر لولەی دوکەڵکێشی کەشتی و پاپۆڕەکان کەڵەکە ببوو. هەواکە تەماوی بوو، گەرچی گڵۆپەکانی بەندەرەکەش هەڵکرابوون، بەڵام تاریکی تەمەکەیان بۆ شەق نەدەکرا، هەوایەکی سارد و شێدار و خامۆش بوو، جاروبار شووت- ی یەکێک لە کە شتیەکان ئەو بێدەنگییە سەختەی دەشڵەقان، تیشکی سوری چرای فەنەرەکەش، جار جارە تاریکایی ئەوشەوە ساردەی شەقدەکرد.

پۆلیسێکی پاسەوان، لە بەندەرەکەدا ئێشکی دەگرت، بەوناوەدا دەهات و دەچوو، کاتێک گەیشتە ئاست ژوورە بچووکەکە لە ژێر چرایەکدا ڕاوەستا و کاتژمێرەکەی بەرباخەڵی دەرهێناو لەبەر ڕۆشنایی چراکەدا لێی ڕووانی.

لە پڕ گوێی لە دەنگێک بوو! کاتژمێرەکەی خستەوە گیرفانی، کەمێک ڕاماو گوێقوڵاغ بوو.
دیسان خامۆشیی باڵی کێشایەوە بەسەر بەندەرەکەدا.
پۆلیسەکە لە بەرخۆیەوە گوتی:
– نا.... هیچ نەبوو!
دیسان کاتژمێرەکەی دەرهێنایەوە.. هەمان دەنگی بیستەوە!.
بەڵام ئەمجارە بەتەواوی دڵنیا بوو کە دەنگی مرۆڤە، چونکە گوێی لە وشەی ((هش...هش..)) بوو.
کابرای پۆلیس بەئەسپایی کاتژمێرەکەی خستەوە گیرفانی و لە بەرخۆیەوە گوتی:
– دیسان...؟ !
دوای کەمێک بێدەنگبوون، گوێی قوڵاغکرد، لە بەرخۆیەوە بەگومانەوە گوتییەوە:
– ئەوە چی بوو؟ !
ماوەیەک ڕاما، دیسان خامۆشیی باڵی کێشایەوە بەسەر بەندەرەکەدا.
پاسەوانەکە، بۆجاری سێیەم کاتژمێرەکەی دەرهێنایەوە و سەیرێکی کرد.
کات نزیکەی چواری بەیانی بوو.
دوای دڵنیابوون لە کاتەکە، کەمێک خۆی قیتکردەوە و چەند هەنگاوێک لە ژوورەکە دوورکەوتەوە،
دیسان کەوتە گومانەوە، وەستاو ئاوڕێکی بەلای ژوورەکەدا دایەوە و لە بەرخۆیەوە گوتی:
– دەبێ دەنگی چی، یان کێ بووبێت؟ !
دوای چرکە ساتێک بەرەو ژوورەکە گەڕایەوە، کە نزیک پەنجەرەی ژوورەکە بووەوە، لە وێوە لە ناو ژوورەکەی ڕووانی، داچڵەکی!
ئاخر شتێکی لە ناوژوورەکەدا بەدیکرد.
چراکانی نزیک ژوورەکە، شەوقیان لە هەردووپەنجەرە بچووکەکانەوە، دەگەیشتە ناو ژوورەکەوە، کەمێک ژوورەکەیان ڕووناک کردبووەوە.
پاسەوانەکە زیاتر بەدیقەتەوە، سەرنجی دایە ژوورەکە، تا بە تەواوی دڵنیابێت، کە شتێکی لەناو ژوورەکەدا دیوە.
– خۆ ڕاستە! شتێک لە ژوورەکەدا دیارە، ئەوە چییە؟ لەسەر سەکۆی ژێر پەنجەرەکە خۆی گرمۆڵە کردووە؟ ! تۆ بڵێی چیبێت؟ چیبکات؟!
لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە و بەرەولای دەرگای ژوورەکە ڕۆیشت، ویستی بیکاتەوە، بۆی نەکرایەوە، چونکە لە ناوەوە داخرابوو.
پاسەوانەکە لە دەرگاکەیداو بە دەنگی بەرز هاواریکرد.
– بیکەرەوە. هەرئێستا، ئەو دەرگایە بکەرەوە!
پۆلیسەکە؛ گوێی لە نووزە نووز و بۆڵە بۆڵێکی کورتبوو، بەڵام هیچ حاڵی نەبوو.
پاسەوانەکە کە چرکەساتێک بێدەنگبوو، بەڵام هیچ دەنگێک لە ژوورەوە نەهات، بۆیە ئەمجارە بە تووڕەتر و دەنگی بەرزتر، هاواریکرد و بە توونتر لە دەرگاکەیداو گوتی:
– تۆ، ئێوە ئەو دەرگایە بکەنەوە، دەی زووبیکەنەوە، بزانم کێن؟
دەنگێکی کز و لەرزۆک، وەڵامیدایەوە.
+ ئەی خوایە گیان چییە؟! کەس لێرە نییە.
– بیکەرەوە، خێرا بیکەرەوە، پۆلیسە، پۆلیس!

کەسی ناو ژوورەکە، بە ترسەوە وەڵامیدایەوە.

+ ئەی خوایە گیان پۆلیس ؟! کەس نییە، هەر منم، من! بەخوا هیچم نەکردووە، بۆ خۆم لێرە دانیشتووم!

پۆلیسەکە بەرزتر هاواریکرد.

– دەبێت هەرئێستا، دەرگاکە بکەیتەوە، ئەگینا؟

لەم کاتەدا، دەرگای ژوورەکە کرایەوە و پۆلیسەکە زۆر بە پەلە خۆیکرد بە ژووردا و تا ناوەڕاستی ژوورەکە نەوەستایەوە.

پاسەوانەکە، کابرایەکی کەتە و باڵابەرز بوو، کڵاوە قوچەکەی سەری، نزیکی بنمیچی ژوورەکە ببوو.

– تۆ چیت؟ دەرگا لە پۆلیس ناکەیتەوە؟ شێتی؟

+ ببورە جەنابی پۆلیس، ئەها دەرگاکەم کردەوە.

– باشبوو کردتەوە، ئەگینا خراپم بەسەر دەهێنایت! تۆ کێیت و کێ ڕێگەی پێداویت بێیتە ئێرە؟!

دەنگێکی لەرزۆک و نزم وەڵامیدایەوە.

+ من. کارین– م، خۆم و منداڵەکەم، لەم ژوورەدا دانیشتووین.

کابرای پاسەوان کەمێک ئارام بۆوەو وردتر سەرنجیدا.

ژنێکی گەنجی بچکۆلە و لاواز و باریک، ڕووخسارێکی ڕەق و سپی هەڵگەڕاوی بینی.

پیرتر لە تەمەنەکەی دەهاتە بەرچاو، پاڵتۆیەکی قاوەیی ئاودامانی شڕ و هەلا هەلای لە بەردابوو، یان ڕاستر، دابووی بەخۆیدا، بەشێوەی دوورین و دیزاینەکەیدا، لەوە دەچوو بەتازەیی جوان و نایاب بووبێت، لە ژێر ئەو پاڵتۆیەوە، کراسێکی درێژی لە بەردا بوو، جووتێ پۆستاڵی زل و دڕاو، بێ قەیتان لە پێیدا بوو، پەنجەکانی پێی لە پۆستاڵە دڕاوەکانەوە، هاتبوونە دەرێ.

لەچکێکی شڕی لە سەری ئاڵاندبوو، لە ژێر چەناگەیدا بەتووندی گرێی دابوو، پارچە پەڕۆیەکی وەک بەرهەڵبێن، لەسەر شانییەوە بۆ ناوقەدی بەستبوو، لەناو ئەو بەرهەڵبێنەدا، کەللەی بچووکی منداڵێک دیار بوو، منداڵەکە، مژی لە مەمکە سیس و سپی هەڵگەڕاوەکەی ژنەکە دەدا.

ژنە، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا لەبەردەم پۆلیسەکەدا ڕاوەستابوو، لە سەرمان هەڵدەلەرزی.

لە ڕاستیدا پۆلیسەکە، لەو دیمەنە حەپەسابوو، هیچ قسەی نەدەکرد، ژنەکە بە نووزەیەکەوە لە بەرخۆیەوە گوتی:

+ جەنابی پۆلیس، من نەمویستووە کەس بێزار بکەم. ئەم ژوورە لێرە هەیە و کەسیش بەکاری ناهێنێت!.

پۆلیسەکە، لە ناخی خۆیدا نیگەران بوو، ئەو کە هاتە ژوورەوە، نیازی بوو بە هەڕەشە و پاڵ و جنێو ئەو کەسە بکاتە دەرێ کە لە ژوورەکەدا بوو، بەڵام کاتێک ئەو ژن و منداڵە بێدەرەتان و داماوەی بینی، تەواو لەو ڕایە پەشیمان بووەوە.

کابرای پۆلیس، گوێی لە گوتەکانی کارین دەگرت، نیگای چاویشی هەرلە سەر منداڵە لاواز و گچکەکە بوو، دەتگووت، جرجێکی گەورەیە و خۆی بەسنگی دایکیدا هەڵواسیوە!

پاسەوانەکە، بەجارێ دڵی بەو دایک و منداڵە دەسووتا، بۆیە بەدەنگێکی بەسۆز و نزم گوتی:

– ئەی خودای گەورە! کچەکەم، تۆ لێرە چیدەکەیت؟!

کاتێک ژنە، هەستی بەسۆز و بەزەیی لە دەنگی کابرای پۆلیسدا کرد، کەمێ ئارام و دڵنیا بووەوەو ئەوجا دایە پرمەی گریان!

پۆلیسەکە، دەرگای ژوورەکەی داخست و ئەوجا ڕوویکردە ژنەکە و پێیگوت:

– دانیشە، دانیشە، بەو منداڵەی باوەشتەوە ناتوانیت بەپێوە ڕاوەستیت. دانیشە!

ژنەکە، لە سەر یەکێ لە سەکۆ تەختەکانی ژوورەکە دانیشت.

پۆلیسەکەش، لە سەر سەکۆ تەختەکەی بەرانبەری دانیشت و بەمیهرەبانییەوە لێیپرسی:

– ئێ، پێمبڵێ، چیئەکەیت لێرە؟

ژنە، بەدەم هەنسکی گریان و بەزمانێکی فسەوە گوتی:

+ جەنابی پۆلیس، تکایە بهێڵە بالێرە بم! کەس بێزار ناکەم و شوێنەکەش دوای خۆم پاکدەکەمەوە، تەماشاکە جەنابی پۆلیس، هیچ شتێک لە سەر زەویەکە نەکەوتووە و خاوێنە، تەنها ئەو لەتە نانەی لێیە(دەستی بۆ لەتە نانێک درێژ کرد، لەسەر زەویەکە کەوتبوو)، ئەمەش بتڵێکە ئاوی تێدایە، بە ڕۆژ سواڵ دەکەم و بەشەویش دێمەوە ئێرە..... تکایە بهێڵە بالێرە بم، تەنها شەوان دێمە ئێرە، تکایە بهێڵە لێرە بم، تا جێگەی پێشووم وەردەگرمەوە، با خانم بگەڕێتەوە، منیش دەچمەوە جێگەکەی خۆم.

کارین، کەمێک بێدەنگبوو، لووتی بە دەستی سڕی و چڵمەکەی سوو بەجلەکانیدا و لە سەرماشدا هەڵدەلەرزی.

پۆلیسەکە پرسی:

– خانم کێیە؟!

کارین گوتی:

+ خانم ئۆلسن، ئەو خانمە میهرەبانەی کارم لە لادەکرد، ڕێکەوتبووین مانگی چوار کرۆن و نانی بەیانیانم بداتێ و منیش گشت ئیشوکارێکی ناوماڵەکەی بۆ بکەم، بەڵام دەبووایە لەوێ نەمێنم و بڕۆم.

– بۆ؟!

+ ئاخر خانم ئۆلسن مامان بوو، دەبوایە بچێت بۆلادێیەک، تا یارمەتی ژنێک بدات بۆ منداڵ بوون، ئیتر خانم لەوێ نەخۆش کەوت و تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، خانم زۆر میهرەبان بوو، دەیگوت: ((تادەتوانیت، لە لای من کاربکە))، ئیتر وەک گوتم، خانم دەبوایە بڕوات، بەڵام.... بەڵام دەڵێن بۆ کریسمەس دەگەڕێتەوە.

پۆلیسەکە، تەواو نیگەران و بێئارام بوو، بە سەربادانەوە گوتی:

– ئەی هاوار! شتی وا چۆن دەبێت! تۆ بەم جلە شڕانە و منداڵە ساوایەوە، لەم سەرمایەدا، لەم شوێنەدا؟ شتی وانابێت؟ ! تۆ شێتی.

کارین گوتی:

+ ئاخر هیچ شوێنێک شکنابەم، تابچم.

ئەمەی گوت و دایە پرمەی گریان، هەر بەدەم گریانەوە، درێژەی بە گوتەکانیدا.

+ دوای ئەوەی باوکم مرد، باوەژنەکەم لە ماڵ کردمیە دەرەوە، کەسم نەبوو یارمەتیم بدات.

پۆلیسەکە گوتی:

– ئەی باوکی منداڵەکەت؟!

کارین، بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

+ باوکی کێ؟! ها؟ باوکی ئەم؟ کوڕەباوکی چی ! جەنابی پۆلیس ئەو کەی هەستی هەیە؟

پۆلیسەکە گوتی:

– چۆن؟! تۆ دەتوانی، شکاتی لێبکەیت و پارەی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکەت، لێبستێنیت.

+ بەڵێ.... بەڵی ڕاست دەفەرموویت، وادەڵین، بەڵام گەر نەزانم لەکوێیە، وە دیارنەبێت؟

– چۆن؟ تۆ هەر ناوەکەیم پێبڵێ، من دەیدۆزمەوە.
+ بەڵام جەنابی پۆلیس، گەر ناوی نەزانم و نەزانم کێیە؟ چیبکەم؟!
پۆلیسەکە بە دەنگێکی بەرز، هاواری کرد.
– چی؟! ناوی باوکی منداڵەکەت نازانی و نایناسی کێیە؟!
کارین، لە حەیبەتان دەستی خستە سەر دەمی خۆی و سەری شۆڕکردەوە و بەشەرمەزارییەوە، لە ژێر لێوەوە گوتی:
+ نا ! نازانم کێیە و ناوی چییە!
دەستیشی هەر لە سەر دەمی بوو.
پۆلیسەکە، هەرگیز لە ژیانیدا شتی واسەمەرەی نەبیستبوو، واقی ورمابوو، بە تورەییەوە گوتی:
– لە ژیانمدا، شتی وا بێ ماناو سەمەرەم نەبیستووە! ئەی چۆن، لە گەڵیدا بوویت و نازانی کێیەو ناشزانی ناوی چییە؟ ئەی چۆن، ئەم بەڵایە ڕوویدا ها؟ ها؟!
کارین گوتی:
+ شەوێکیان، لە سەرجادە بووم، زۆرتاریک بوو...... کاتێکی کەم لەگەڵمدا بوو...... ئیتر دوای ئەوە هەرگیز نەمبینییەوە.......!
پۆلیسەکە هەربە تورەییەوە گوتی:
– ئەی باشە، لە کەست نەپرسی؟ ! نەگەڕای بەشوێنیدا؟
+ بەڵێ، زۆرجار لە خەڵکم پرسیوە، بەڵام کەس نەیدەناسی... ئیتر منیش بێ هیوا بووم لەپرسین و بێزار بووم... پێموابێ شوان، یان چێوار بوو... چونکە بۆنی مانگاو ئەسپی لێدەهات... ڕەنگە چووبێتەوە بۆ لادێ، نازانم!
پۆلیسەکە، بەتورەیی و هەراسانییەوە گوتی:
– ئەی خوایە هاوار! کچم دەبێت بچیت، خۆت لە خانەی داڵدەی هەژاران، ناو نووس بکەیت......
پۆلیسەکە، زیاتر دەنگی بەرزکردەوە....
– کچم دەبێت بچیت، بالەم چەرمەسەرییە ڕزگارتان بێت!
کارین، کەمێک دەنگی بەرزکردەوە و وەڵامی دایەوە:
+ نا...... جەنابی پۆلیس.... نا ئەوە ناکەم!
– ئاخر باشترە بچیت کچم.... هیچ نەبێت، خواردن بۆ خۆت و منداڵەکەت دابین دەکەیت و جێگایەکت دەدەنێ تا تیایدا بخەویت. هیچ نەبێت لەم ژوورە ساردە باشترە!
کارین گوتی:
+ با خانم بێتەوە... ئەو زۆر میهرەبانە، چوارکرۆنی پارەی ئەم مانگەم دەداتێ..... ژنێک دەناسم، بەسێ کرۆن، شوێنێکم دەداتێ تێیدا بخەوم و بەڕۆژیش، ئاگای لە منداڵەکەم دەبێت، تا لە ئیش و کاری خانم وڵسن دەبمەوە، دواییش ئیش و کاری ناوماڵ بۆ ئەو دەکەم، ئیتر وابزانم هەموو شتێک بە باشی دەڕوات و پێویستم بە هیچ نابێت.... هەر ئەو خانمە بێتەوە.... دەڵێن بۆ کریسمەس دێتەوە.
پۆلیسەکە، بە نابەدڵیی بەوقسانە ڕازیبوو، بەڵام گوتی:
– باشە، کچم تۆ گەورەیت و خۆت باشتر دەزانیت، چیدەکەیت. بەڵام نابێت لێرە بمێنیتەوە.
کارین گوتی:
+ تکایە بەس با بە شەو لێرە بم.. هەر بە شەو. هیچ دەبێت؟ خۆ هیچ نابێت! تو خوا، جەنابی پۆلیس

لێگەڕێ بەس با بە شەو لێرەبم، هەتا خانم دێتەوە... بە خوا نایەڵم منداڵەکەشم بگری و دەنگی بێت. بەس هەتا خانم دێتەوە!

پۆلیسەکە، بە نیگایەکی پڕ بەزەییەوە تەماشایەکی جلە شڕەکانی کارینی کرد و گوتی:

– ئاخر کچم، خۆت و منداڵەکەت ڕەقدەبنەوە، ئێرە زۆرساردە!

کارین گوتی:

+ ئێرە باشترە تا لەسەر جادە بنووین، هەتا خانم دێتەوە.

پۆلیسەکە، پشت سەری خۆی دەخوراند و بە دەنگێکی کەمێ بەرزتر گوتی:

– ئەوەی ڕاستی بێت، دەبێت بتبەم بۆ پۆلیسخانە!

کارین ڕاچڵەکی و هاتە بەردەم پۆلیسەکە و بەدەنگێکی فەرمانییەوە گوتی:

+ نا... نا... شتی وامەکە... نا...

بە دەستە تەزیوە لە رزۆکەکانی دەستی پۆلیسەکەی گرت، لە ڕووخساریشیدا پارانەوە دیار بوو...

+ تکایە وامەکە... لێتدەپاڕێمەوە... توخوا بەس بهێڵە بەشەوان لێرە بم. تا خانم دێتەوە.

پۆلیسەکە، نەیدەزانی چیبکات و چۆنی وەڵامبداتەوە. بە بۆڵە بۆڵەوە گوتی:

– ئێ... ئێ، بەڵام هێشتا سێ ڕۆژی ماوە بۆ کریسمەس...

لەسەر سەکۆ تەختەکە هەڵسا و بەدەنگێکی پڕ لە گومانەوە گوتی:

– باشە... بڵێم چی..... دەتوانیت تا کریسمەس لێرە بیت، زیاتر نا...، دەشبێت بیرت هەبێ، نابێ کەس بزانێت، کە خۆت و منداڵەکەت لێرەن.....باشە!

کارین، بەدەنگێکی بەرز و بەخۆشییەوە گوتی:

+ ئەی خوات لێ ڕازیبێت... زۆر سوپاس، هەروادەکەم، خەمت نەبێت.

پۆلیسەکە، بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڕۆیشت و هێشتا هەر گومان لە دەنگیدا هەبوو، بەنیگەرانییەوە گوتی:

– دەبێت بە یانیان زوو، پێش سەعات شەش، لێرە بڕۆیت.

هەربەگومانیشەوە، لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

شەوێک دوای ئەو بەسەرهاتە، نزیکەی هەمان کات، پۆلیسەکە بەلای ژوورەکەدا تێپەڕی، لەنزیک پەنجەرەی ژوورەکە، ڕاوەستا و تەماشایەکی ناو ژوورەکەی کرد، بینی وا کارین سەری نابوو بە قەراغی پەنجەرەکەی ئەوبەرەوە و لایەکی ڕووخساری دیار بوو، مەمکی لە دەمی منداڵەکەی نابوو، تەواو ئارام و بێجووڵە، لەوەدەچوو نووستبن!

بە درێژایی ئەو سێ ڕۆژەی پێش کریسمەس، هەوا تەواو ساردبوو، شەوان دار و بەرد دەبووە شەختە و بەڕۆژیش، دە، دوازدە پلەی ژێر سفر بوو، هەوای سارد، وەک گوێزان ڕووخساری شەقار دەکرد. هەردوو پەنجەرە بچووکەکانی ژوورەکە، بەزوقم داپۆشرابوون. بەئاستەم ناوژوورەکەت دەبینی.

ڕۆژێ پێش جەژنی کریسمەس، تەشقی سەرماکە شکابوو، شێیەکی زۆر لە هەوادا هەبوو، وەک نمە دەباری. بەفری سەر لولەکێشی پاپۆڕەکان و چلورەی گوێسەبانەکان، زۆر لە سەر خۆ و بەهێمنی دەتوانەوە.

کات دوای نیوەڕۆ بوو، نزیکەی سەعات دوو، پۆلیسەکە، هەرچەندە پشوو بوو، دوو ڕۆژ بوو بە هۆی نەخۆشییەوە لە کار مەرەخەس کرابوو. دکتۆر پشووی دابوویە، بەڵام ئەو دوای نیوەڕۆیە، بە کارێکی تایبەتی خۆی هاتبووە بەندەرەکە، بۆ بینینی یەکێ لە کەشتیەوانەکان.

گەرچی دوور بوو لە ژوورەکەوە، بەڵام هەرلە دوورەوە، کە ژوورەکەی بینی یەکسەر کارین و منداڵەکەی وەبیر هاتەوە، هەستێکی سەیری لەلا دروستبوو، بە دەست خۆی نەبوو، هەستەکەی بەرەولای ژوورەکە پەلکێشی کرد، کە گەیشتە نزیک ژوورەکە و لە پەنجەرەکەوە نیگایەکی کرد.. ڕاچڵەکی.....

شڵەژا.... دیتی، کارین و منداڵەکەی، بە هەمان شێوەی دووشەو لەوەوبەر، لە هەمان جێگەی خۆیاندا و بە هەمان شێوە، بێجوڵەن.

زۆر شڵەژا و لە بەرخۆیەوە، کەوتە قسەکردن.

– چۆن ؟! دوو ڕۆژ بە هەمان شێوە ؟! جا خۆ لەو ژووره سارد و سڕەدا، ئێستا ڕەقبوونەتەوە... نا.... نا... تۆبڵێیت؟

پاڵێکی نا بەدەرگاکەوە، نەکرایەوە، لەودیوەوە داخرابوو.

شیشێکی درێژی هێنا، پەنجەرەکەی شکاند و لەوێوە ئەڵقە ڕێزی دەرگاکەی کردەوە.

بە حەپەساوییەوە چووە ژووری... واقی وڕما... دیتی ! کارین ڕەقبۆتەوە و منداڵەکەشی هەربەدەم مەمک مژینی دایکیەوە ڕەقهەڵاتووە....... چەند دڵۆپە خوێنێکی بەستوو لە گوێ مەمکی کارینەوە تکابۆوە سەر چەناگەی منداڵەکە.

ڕووخساری کارین، گەرچی تەواو سپی هەڵگەڕابوو، بەڵام زۆر هێمن بوو، زەردەخەنەیەکی منداڵانەش بەسەر لێویەوە ڕەقهەڵاتبوو...

کابرای پۆلیس، بەجارێ پەشۆکا بوو، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد.....

– ئەی خوایە گیان، ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، چی بوو، بەم ئێوارەی جەژنە؟

کەمێک ڕاما و دیسان گوتی:

– خودا کاری خۆی باشتر دەزانێت! ڕەنگە ئەمە بۆ هەردووکیان باشتر بێت؟!

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و بە دڵتەنگی لە ژوورەکە چووە دەرێ و دەرگاکەی داخست، بە پەلە بەرەو پۆلیسخانە ڕۆیشت، تا لەو کارەساتە ئاگاداریان بکاتەوە.

یەکەم ڕۆژی دوای جەژنی کریسمەس بەرپرسانی بەندەرەکە، ژوورەکەیان ڕووخاند، تا چی دیکە نەبێت بە پەناگای بەرەڵاکان!

---

* کریستیانا، ناوی جارانی ئۆسلۆ بوو.

• کریسمس. جەژنی مەسیحیەکانە پێشساڵی نوێ.

**سەرچاوە:** ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٨٨٥ دا نووسراوەو هەمان کات لەچاپدراوە.

Karens jul

١٨٨٥ Fortelling

.Oslo ,١٩٧٥ Gyldendal

### * ئەماليا سكرام

ئەماليا سكرام، يەكێكە لە نووسەرە بەناوبانگەكانی نەرويج، وەك ژنێكی ڕادیكاڵ، ناوبانگی دەركردووە، لە ڕۆمانەكانیا، ڕەخنەی زۆری لە كۆمەڵی نەرويجی گرتووە، دەربارەی چەوساندنەوەی ژنان و نەبوونی ئازادی و هەڵاواردنی ژنان لە كۆمەڵدا.

ئەماليا لە ٢٢ ی ئۆگستی ساڵی ١٨٤٦ لەشاری بێرگن لەنەرويج لەدايكبووە.

لە ٣ ی ئۆكتۆبەری ١٨٦٤، باوكی لەقوتابخانە دەری دەهێنێت و بە مێردی دەدات. دوو ڕۆژ پێس شووكردنەكەی مێردەكەی دیوە، كابرا دەرياوان بووە و ناوی مۆلێر بووە، لە ساڵی ١٨٧٨ لەمێردەكەی جيا دەبێتەوە.

لەساڵی ١٨٨١ دێتە كريستيانيا(ئۆسلۆ) تا ساڵی ١٨٨٤، لەم ماوەيەدا دوو ڕۆمانی بەناوبانگ دەنووسێت( مادام هۆرێس) و (دوو هاوڕێ).

لەساڵی ١٨٨٢ دا هاوڕێيەتی لەگەڵ نووسەری دانيماركی، ئێريك سكرام پەيدا دەكات، دواتر عاشقی يەكتردەبن، هەمان ساڵ ميردی پێدەكات.

لەهاوينی ١٨٩٤ سەفەری ڕوسيا دەكات، لە ١٨٩٥ دەچێت بۆ پاريس ماوەيەك لەوێ دەبێت.

لەساڵی ١٨٩٩ لە ئێرك سكرم جيادەبێتەوە. لە ١٥ ی مارسی ١٩٠٥ دەمرێت.

**سەرچاوە**

Amalie skrams verden
Irene Englstad
Liv Køltzow
Gunnar Staalesen
١٩٩٦ , Gyldendal Norsk Forlag A\S
Oslo , Norge

ئۆسلۆ ٢٠٠٩